پاشماوەی لاپەڕەی 1

# کێشەی بنکەی حیزبی دیموکرات ...



و لە ئوسوولی هەموو حیزبێکدا هاتووە".

هاوکات کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو حیزبە لە هەولێر لە وڵامی هەمان پرسدا دەڵێ: "پێموایە کە کاک رۆستەم لەوە حاڵی نەبووبێ کە لە حیزبی دیموکراتدا ئینشعابێک رووی نەداوە. بە دەلیلی ئەوەیکە ئەوان تەنیا لە رێبەرایەتی حیزبدا (ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی) ئەکسەریەت بوون، ئێستا بەتایبەتی هەموو کەس دەزانێ کە لە تەشکیلاتی حیزبی و لە کادر و پێشمەرگەی حیزبیدا، ئەکسەرییەتی حیزب بە لای حیزبی دیموکراتی کوردستانە و ئەمەش هەر بۆخۆی لانی کەم ئەوە رەت دەکاتەوە. دەکرێ ئەکسەرییەتێک لە حیزبەکەی ئینشعاب بکات؟".

رۆستەم جەهانگیری روواوەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:"وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوامان لە حکوومەتی هەرێم کرد کە ئێرە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە ئەوانیش ئەوەیان قبووڵکرد، قانوونیش رێزی خۆی گرت، بڕیاری خۆیدا ئەوان لێرە بارکەن بڕۆن، ئاسایش هات ئەوشتەی کرد، ئێمە سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئوسوولەکە چییە ئەوەی کرد، لێرە قازانج بە کێیە موهیم نییە لێرە قازانج بە یاسایە، قانوون سەروەرە کە جێ دەگرێ، بۆ ئێمە ئەوە موهیمە".

بەڵام کەماڵ کەریمی دەڵێ:" ئەگەر کاک رۆستەم یا هەر کەسێکی دیکە ئەو کارەی کردبێ، بەڵگەیەکی دادگای پێ بێ زۆر تەبیعییە و ئەمە کارێکی یاساییە، بەڵام مادام قسە لە یاسا بکەین و هیچ مجەوزێکی رەسمی بەدەستەوە نەبێ، تەبیعییە کارێکی زۆر نایاسایی و عەشایریی کردوە. بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە کاک رۆستەم دەستووری داوەتە پێشمەرگەکانی خۆی ئەسباب و وەسائیلەکانمانی فڕەداوەتە کۆڵان. ئەمە ئەگەر کارێکی یاسایی بایە حەتمەن مەرجەعێکی یاسایی ئەم کارەی دەکرد و پێویستی نەدەکرد کاک رۆستەم ئەو کارەی کردبا".

رۆستەم جەهانگیری رەدی دەکاتەوە کە ئەوان کەلوپەلی لایەنی بەرانبەریان بردبێ و وتی:" موتەئەسفم؛ ئەو هاوڕێیانە لەوەتەی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جیا بوونەتەوە خەریکن سیاسەت بە درۆ دەکەن، ئەو ماڵە ماڵی تایبەتی کاک کەماڵ نییە، ئەو خانووە خانووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە لە ئەسڵدا هەرکەسێك دەبێتە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو خانوەدا نیشتەجێ دەبێ کە مەئموریەتەکەی تەواو بوو ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو نوێنەرایەتیەدا دەکرێ. کەل و پەلی ناو ماڵیش ئێمە نە تەحویلمان وەرگرت وە نە تەحویلی وەردەگرین، کەل و پەلی ناو ماڵ مۆڵکی خوسووسی کاک کەماڵی کەریمیە. ئێمە ئاسایش هاتوو کلیلەکانی بۆ هێناوین، ئێمە وتمان کەل و پەلی ناوماڵ تەحویل وەرناگرین".

کەریمی دەڵێ:" دەکرێ وڵامی ئەمە، هەموو دەزگا پێوەندیدارەکان لە هەولێر و هەموو خەڵکی گەڕەکەکە بیدەنەوە. تەواوی ئەو خەڵکە زیاتر لە 100 کەس چاوەدێری ئەو مەسەلەیان دەکرد و نیهایەتەن هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە کاک رۆستەم ئەسبابەکانی بە کۆڵی ئەوانە هێنابووە دەرەوە، دوای ئەوەیکە وەزعەکە تەقیەوە و ناڕاحەتی و نا ئارامیی لە گەڕەکەکەدا دروست کرد، ئاسایش هەر بە کۆڵی ئەو پێشمەرگانە ئەسبابەکانی بردەوە نێو ئەو ماڵە. بەداخەوە ئەوان عادەتیان کردووە بە گوتنەوەی هێندێک رستە کە هەر کاتێ قسە دەکەن هەر ئەو چەند رستەیە دەڵێنەوە کە، ئەمانە درۆ دەکەن، بوختان دەکەن، ئەمانە دۆڕاون، دەیانەوێ کێشە سازبکەن و دوایی لایەنی ئێمە بە درۆکردن تۆمەتبار دەکەن".

پاشماوەی لاپەڕەی 1

# سەردانی شاندێکی کۆنگرێسی ئەمریکا

هەڵوێستی شاندی ناوبراو سەبارەت بە کێشەی کورد لە ئێران رایگەیاند:" ئەوان کێشەی کورد بە کێشەیەکی رەوا دەزانن، بەڵام ناتوانم بڵێم پڕۆژەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ کێشەی کورد. ئەمریکاییەکان وەک خۆیان دەڵێن، پڕۆژەی گۆڕانی نیزامی سیاسیی ئێرانیان هەیە، لەو حاڵەتەدا کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا هێزە و حیسابی تایبەتی بۆ دەکرێ."

هەروەها بەپێی وتەی ناوبراو، لەو دانیشتنەدا هەڕەشەی هێرشی ترکیا بۆ سەر باشووری کوردستان، دەستتێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و مەترسی ئەو رێژیمە لەسەر کۆمەڵگای جیهانی باسی لێوە کراوە.

لە کۆتاییدا ئەو لێپرسراوەی PAK، لەبارەی پێوەندیی ئەمریکا و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاند:" لەڕاستیدا ئەوان لە ئێستادا رەنگە پڕۆژەیەکی ئاشکرایان بۆ پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بە PAK ەوە هەیە، ئێمە هەوڵ دەدەین زیاتر ئەو پێوەندییانە گەشە پێبدەین."

شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کە شاندێک لەو ئاستەدا سەردانی هێزێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. هەر بۆیە بووەتە جێی سەرنجی چاودێرانی سیاسیی کورد و ناوچەکە.

بە پێی هەواڵی رۆژنامەکانی"خەبات"(2689) و کوردستانی نوێ"(4434) هەر ئەم شاندە رۆژی 27ی نوامبری 2007 سەردانی پارلمانی کوردستانیشیان کردوە.

پاشماوەی لاپەڕەی 1

# هەنگاوێک بەرو هاوکاریی ...



... لایەنەکانی دیکەی کۆنگرەش دیالۆگ بکەن."

یەزدانپەنا ئەو کۆبوونەوەیەی بە هەنگاوێکی بەنرخ دانا و وتی:" هەرچەند حەزمان دەکرد ژمارەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە زیاتر بایە، بەڵام وەک هەنگاوی یەکەم هەر ئەوە دەکرا و ئەوەش نرخی خۆی هەیە."

محەمەد نەزیف قادری لەم بارەیەوە وتی:"هۆکاری پێویستیی لێک نزیک بوونەوە و هاوکاری نێوان حیزبە سیاسیەکان و ئەو بڕیارانەی لەسەری ساخ بوونەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەردەوامبوون لە رێی وەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و سیاسەتی سەرکوت و داپلۆسێنی گەلانی ئێران، تێکەوتووە."

بەرپرسی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی و بەرپرسی سکرتارییەتی ئەو حیزبەیە، لە درێژەی قسەکانیدا هیوای خواست لە داهاتوودا ئیئتێلافێک لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکبێ کە وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ.

هەروەها، ئەبۆبەکر مودەڕسی، ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران، جەختی لەسەر لێکنزیکبوونی هەڵوێستی لایەنەکان کردەوە و رایگەیاند:" کۆبوونەوەکە لە کەش و هەوایەکی زۆر دۆستانەدا بەڕێوەچوو و وەک پێشەکی ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا کرا لەسەر وەزعی سیاسی ئێران، ناوچەکە و هەروەها کێشە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە پرسی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە."

مودەڕسی سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ رایگەیاند:" کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە ئاستی جۆراوجۆرەوە نەیاری هەیە و هەوڵێکی بەئەنقەست هەیە بۆ بێبایەخ کردنی، کە دەبێ بەرپەرچ بدرێتەوە."

هەر بەمەبەستی گەیاندنی هەڵوێستی حیزبەکانی دیکە لەسەر ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵییە، "بۆ کوردستان" پێوەندیی بە عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بابەشێخ حسەینی و عومەر ئیلخانیزادەوە کرد و رایانی وەرگرت.

عەبدوڵلا حەسەنزادە وتی:" دانیشتنەکە، و پرسی هاوکاری بۆخۆی پرسێکی باشە و بە شتێکی موسبەت چاوی لێ دەکەین، بەڵام چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە دەبێ دوایی بزانین"

حەسەنزادە، رەخنەی ئاراستەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ، (وەک بەشێک لە تەوەرەکانی بەرباسی کۆبوونەوە 3 قۆڵییەکە) کرد، وتی:" وەزعی کۆنگرەکە، وەزعێکی سەیر و سەمەرەیە، بەوەیکە گەریلاکانی PKK هێرش دەکەنەسەر پاسگایەک، ئەو کۆنگرەیە شەڕە جنێوی تێدەکەوێ."

بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هەر کۆبوونەوەیەکی 2 قۆڵی یان 3 قۆڵی حیزبە کوردستانییەکانی بە باش دانا و وتی:"ئێمە ئاگاداری باس و ناوەرۆکی ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵییە نین، بەڵام نێزیکی و کۆبوونەوەی حیزبەکانمان چ 2 قۆڵی و چ 3 قۆڵی پێباشە."

عومەر ئیلخانیزادە بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- رەوتی چاکسازی و گەشە، سەبارەت بە دانیشتی ئەو سێ لایەنە وتی :" ئێمە ئاگاداری موحتەوای دانیشتنەکە نەبووین و دانیشتنی لایەنەکانیش بە شتێکی سروشتیی دەزانین"

لە لایەکی دیکەوە، بەوتەی سەرچاوەیەک، کەسایەتی سیاسیی کورد سەلاحەدین موهتەدی، ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵییەی گرینگ هەڵسەنگاندوە و پشتگیری خۆی لێ دەربڕیوە و هیوای بەردەوامیی بۆ خواستەوە.

فێستیڤاڵی گەلاوێژ

# کێشەی سنوور و سیاسەت



یانزدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ، رۆژی سێشەممە 20 /11 /2007 لە شاری سلێمانی، لەژێر چاوەدێری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستی پێکرد.

لەو فێستیڤاڵەدا کە حەوت رۆژی خایاند، ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی کورد، عەرەب و فارس بەشدار بوون. سەبارەت بە بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکە بیروڕای چەند کەسێکمان لە میوانەکان و بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵەکە وەرگرت:

"مەلا بەختیار" ئەندامی دەفتەری سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی یەکەمی لیژنەی ئامادەکاریی یازدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ، فێستیڤاڵەکەی بە رێکوپێک لەقەڵەم دا و وتی: " هێندێک گرفتی هونەری هەیە کە پێموایە هەموو فێستیڤاڵێک ئەمەی تێدایە، بەڵام بە گشتی زۆر رێکوپێک بوو."

ئەو لە وەڵامی ئەوەیکە، بۆ رۆشنبیران و نووسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە کەمی لە فێستیڤاڵەکەدا بەشداربوون، وتی:" لە حەقیقەتدا هێندێگ گرفت دروست ببوو بۆ ئەو نووسەرانەی کە دەهاتن بۆ فێستیڤاڵ. ئەمساڵ ئێمە وتمان لەبەر ئەوەی تەفسیرێکی سیاسی نەکرێ بۆ هاتنی ئەوانە، خۆمان لادا."

هەروەها ئەو سەبارەت بە دۆخی نووسەران و ئەدیبانی کورد، لە وڵامی ئەوەوە کە چ کێشە و گیروگرفتێک لە بەرانبەر هاووڵاتیانی کوردی خۆتان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبینن، وتی:" کێشەی سنوور و سیاسەتە لەڕاستیدا و هیچی دیکە نییە و دەبێ وردەوردە ئاڵوگۆڕ بێتە دی."

لە درێژەدا "عەلی باباشاهی" کە شاعیرە و لانی کەم 30 کتێبی شێعری بڵاو بووەتەوە،

هاتوچووی فارسەکانی بە شتێکی ئاسایی دانا و وتی: "ئێمە بیرمان لەوە نەکردووەتەوە و ناشیکەینەوە کە دەبێ لەکەس ئیزن وەر بگرین، چۆنکە ئەم فێستیڤاڵە 11 ساڵە بەردەوام بووە و بە درێژایی ئەم ساڵانە هونەرمەندەکان هاتوون و گەڕاونەتەوە و کێشەیەکیان نەبووە."

ئەو سەبارەت بەوەیکە لە ئێران تەنیا زمانی فارسی پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە و زمانەکانی دیکە گەشەیان نەکردووە، وتی: "بە دڵنیاییەوە ئاواتم ئەوە بوو کە بەربەست و رێگرێک لە بەرانبەر پێشکەوتنی زمانی نەفارسەکان نەبایە."

هەروەها، "ناهید حسەینی"، شاعیر و ئەندامی لێژنەی میوانداریی فێستیڤاڵ، سەبارەت بە پێشگیریی حکوومەتی ئێران لە بەشداریی کوردان لە فێستیڤاڵەکەدا رایگەیاند: "با ئێران لە سەر ئەو سنوورانە دیوار هەڵچنێ هەتا ئاسمان، بەڵام کە دەنگێک دەنگی شێعری بوو، خۆی دەگاتە ئێرە".

"شەمس لەنگروودی" کە شاعیرێکی بەناوبانگی ئێرانییە، فێستیڤاڵەکەی بە باش پێناسە کرد، بەڵام رەخنەی لە دەستتێوەردانی حکوومەت و حیزبە سیاسییەکان لە فێستیڤاڵەکە گرت وتی:" ئەم ئەنجومەنانە دەبێ سەربەخۆ و بە بێ حزووری دەوڵەت کار بکەن. تەنیا دەبێ پشتیوانی لێ بکەن و دخاڵەتێکی تێدا نەکەن و لە دەرەوەی حیزب بێت."

لە کۆتاییشدا "گوڵاڵە پشدەری" کە شاعیرێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، سەبارەت بە فێستیڤاڵەکە وتی:" ئەم فێستیڤاڵە زۆر لە ساڵانی رابردوو لاوازتر بوو، دەبا شاعیرە گەورەکانی کورد بەشدارییان تێدا کردبایە."

هەروەها گوڵاڵە تیشکی خستەسەر کێشە و گرفتی ئەدیبان و نووسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و وتی: "سانسۆر لەوێ زۆرە. سانسۆر ناهێڵێ کار بکەن. بۆ ئافرەتان مەکە و دابنیشەش زۆرە لەوێ."

پاشماوەی لاپەڕەی 1

# لە چیای شاهۆ ئەنسارولئیسلام ..

... چیای سوورین لە ناوچەی بانە بەدیوی مەریوان دا بینراون و هێندێك کەسی ئەو ناچەیە گومانی ئەوە دەکەن کە بنکەی ئەو گرووپە لە ناو دارستانەکانی دەشتی شلێردا بێ.

لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی سەرسنووری نیوان ئێران و عێراق و ترکیا دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئێران دەیەوێ ئەنسار لە دژی پژاك بە کار بێنی، بەڵام لایەنێکی کوردی لە لێدوانێکدا بۆ "بۆکوردستان" ئەمەی بە دوور زانی و وتی:" هێندێک سایت و رۆژنامە بە ئەنقەست دەڵێن ئەنسار لە دژی پژاک بەکار دەکەوێ، بەڵام ئەمە تەنیا تەبلیغاتە بۆ پ.ک.ک". ئەو لایەنە وتی:" ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە پ.ک.ک و ئەنسار پێکەوە رێکبخا. لە لایەکی دیکەشەوە ئێران هانی ترکیا دەدا بو ئەوەی گوشار بۆ پ.ک.ک بێنێ تا پ.ک.ک زیاتر پاڵ بە ئێرانەوە بدا، ئەودەم کە تەواو چووە ژێر رکیفی ئێران، مەرجی ئەوەی بەسەردا دەسەپێ کە لەگەڵ ئەنسار هاوکاری بکا".

ئەو سەرچاوەیە هۆکاری ئەم هەنگاوەی ئێرانی گەڕاندەوە بۆ ئەوە کە "ئێران لەم هاوکێشەیە وەك کارتێك بۆ گوشار خستنە سەر حکوومەتی هەرێم و ئاڵۆزکردنی عێراق سوود وەردەگرێ و هەروەها گوشارێکە بۆ سەر ئەمریکا".

شایانی باسە کە سەرچاوەکانی PKK و پژاک ئەم جۆرە لێکدانەوەیە رەت دەکەنەوە.